# خراپترین درۆ ئەوەیە کە پیاو بانگەشەی بینینی شتێک بکات لەکاتێکدا نەیبینیووە

له‌ ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خراپترین درۆ ئەوەیە کە پیاو بانگەشەی بینینی شتێک بکات لەکاتێکدا نەیبینیووە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خراپترین درۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بانگەشەی بینینی شتێک بکات لە کاتی خەودا یان لە کاتی بەئاگابوونیدا لەکاتێکدا درۆ دەکات لەم بانگەشەیە، درۆ کردن لە خەوبینیندا خراپترە لە درۆکردن لە کاتی بەئاگابووندا، چونکە ئەو خەوەی مرۆڤ دەیبینێت وباشە وپێی ئاسوودە دەبێت لە لایەن خوای گەورەیە، ئەگەر بە درۆوە بڵێت خەوێکی باشی بینیووە ئەوا درۆکردنە بەناوی خوای گەورە، بەڵام خەوی ناخۆش لە شەیتانەوەیە، وقسەی نەفسە؛ وئەمیش حەرامکراوە، بەشێوەیەکی گشتی نەهی کراوە لە درۆ کردن بۆ بانگەشەکردنی بینینی شتێک کە ڕاست نییە ولە هەقیقەتدا ڕووی نەداوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6979